# بەیاننامە

ئیمرۆ کە(١١٢)ساڵ تێدەپەرێت بەسەر دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردیدا. ئێمە وەکو گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنووری کوردستان وێڕای ئەوەی پیرۆزباییەکی گەرم لەسەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین و هەروەها لەم یادەدا جارێکیتر هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی شەهیدانی قەڵەم(عبدالستار تاهیر شریف و سۆران مامە حمە و مەتین ئاتەڵاش) و هەروەها نیگەرانی خۆشمان لەمەڕ ئەو هێرش و پەلامارانە ڕادەگەیەنین کە لەکاتی ڕوماڵکردنی ڕووداوەکان دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووسان.

ئێمە لەکاتێکدا چاوەڕوانی ئەوەمان لەدەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ئەوەبوو کەوەکو نەریتێکی باوی دیموکراسی بەشێوەی ئەو وەفدە سیاسی و بازرگانی و وەرزشیانەی لەوڵاتی خۆیان دەچن بۆ وڵاتێکی تر وەفدێکیش لەڕۆژنامەنووسانی وڵاتەکەیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن. نەك وەکو ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا باوە.

لەجیاتی ئەوەی جیاوازی نەکرێت لەنێوان میدیای ئەهلی و حیزبی، بەڵکو پێویست بوو زیاتر هاوکاری میدیای ئەهلی بکرێت. چونکە بەڵگە نەویستە بەشێك لەمیدیای ئەهلییەکانی لەم وڵاتەدا بۆنەتە چاوی خەڵك و دەستدەخەنەسەر کەموکوڕیەکان و داوای چاکسازیش لەو بارەیەوە دەکەن.

ئێمە بەوپەڕی باوەڕبوونمان بەئازادی ڕادەبڕین هەیەو هەواڵ بۆ نەهێشتنی کتوبەند کردنی دەنگ خەفە کردنی ئازادییە مەندەنییەکان دەدەین، بەڵام بەپێویستیشی دەزانین وەکو وەڵامی سەرۆکی کۆمەڵەی عێراقی بۆ داکۆکیکردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان بدەینەوە کەداوا لەنێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات لیژنەیەك بنێرێتە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکارییانەی لەبەرامبەر ڕۆژنامەنووساندا دەکرێت. ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین کەلەهەرێمی کوردستان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان هیچ پێشێلکاریەك ناکرێت. بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کەسەرۆکی کۆمەڵەی ناوبراو ئەم داوایە بکات. چونکە هەرێمی کوردستان لەبۆشایی دەسەڵات بەڕێوە ناچێت، بەڵکو دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆی تێدایە. بۆیە ئێمە وەکو گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنووری کوردستان وێڕای نیگەرانیمان لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەی ڕۆژنامەگەری کوردی، هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم بەبەرپرسیار دەزانین و پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم لەئەستۆی ئەواندایە و پێویستە ئەوان لێکۆڵینەوە لەم بارودۆخە بکەن نەك نەتەوەیەکگرتووەکان.

هەروەها بەپێویستی دەزانین نیگەرانی خۆشمان ڕابگەیەنین لەبەرامبەر لێدوانێکی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان کەتۆمەتی نارەوا دەخاتە پاڵ هەندآ لەمیدیاکانی هەرێمی کوردستان و پێیوایە کەلەلایەن وڵاتانی دراوسێ هاوکاری دەکرێن. ئەم لێدوانە هەرگیز لەکەسێك چاوەڕوان ناکرێت کەساڵانێکی زۆر سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەنووسی بێت و نەقیبی سەندیکایەك بێت کەخاوەنی چەند هەزار ئەندامێك بێت.

گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنووری کوردستان جارێکیتر پیرۆزبایی ئەم یادە لەسەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات و لەم یادەشدا داواش لەئەندامانی خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کەجارێکیتر یاسایی نوێی ڕۆژنامەگەری هەموار بکرێتەوە بەجۆرێك لەبەرژەوەندی ڕۆژنامەنووساندا بێت و داواش لەدەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەین کەئەگەر ڕێگەخۆشکەر نەبێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسان بەئازادی بتوانن لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان کاری خۆیان بکەن ئەوا پێویستە ڕێگەشیان لێنەگیرێت،

گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووری کوردستان

**داواکارین لەبەرێزتان لەمبارەیەوە لەهەڵویستی خۆتان ئاگادارمان بکەنەوەو بەشداری لەم گفتوگۆیەدا بکەن و بۆ ئەم مەبەستە سەردانی سایتەکەمان بکەن و لەبەشی کەمپین رای خۆتان دەرببرن.**

http://www.besnuri.com/

ئاژانسەکانی هەواڵ: سەرۆکی کۆمەڵەی عێراقی بۆ داکۆکیکرن لە مافی رۆژنامەنووسان، داوای لە نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ کوردستان بنێرێت سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی کە بەرامبەر بە رۆژنامەنووسە کوردەکان دەکرێت، بە تایبەت رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ .

ئیبراهیم، سەراجی، سەرۆکی کۆمەڵەکە، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە، کە دەستدرێژییەکان بۆ سەر رۆژنامەنووسانی کوردستان بەردەوام دەبن بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دەستدرێژیانە بکرێت، هەربۆیە داوادەکات کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە دروستبکات.

ناوبراو ئەوەشی روونکردووەتەوە کە رۆژنامەنووسانی کوردستان لە دۆخێکی زۆر خراپدا کاری رۆژنامەوانی ئەنجامدەدەن، بە تایبەت رۆژنامە سەربەخۆکان.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە "هیچ هەفتەیەك تێناپەڕێت کە دەستدرێژی نەکرێتە سەر چەند رۆژنامەنوسێك لە کوردستان، سەرەڕای ئەو داوایانەی وەکو فێڵ لێکردنێك لەسەر میدیا سەربەخۆکان تۆمار دەکرێن."

ماوەی چەند رۆژێکە توندونیژیی بۆ سەر رۆژنامەنووسانی کوردستان چڕبووەتەوە بە هۆی رووماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی قوتابیانەوە.